## عێراق و مۆدی سیاسی و جەماوەری

ئەم وتارە بە شێوەیەکی"مەکرو" و زۆر سادە باسی ئەم خاڵانە دەکەت: مۆد چییە و 'ئێڤۆلوسیونیزمی سیاسی' چۆن بۆیە لە عێراق؟ چ جۆر مۆدی سیاسی لە عێراقدا دەسەڵاتدارە، ناوی چییە و تایبەتمەندیەکانی؟ چەند خاڵ وپرسیاری گرنگ بو عێراق، تورکیا، قەندیل، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەنجامی ئەم وتارە.
ئەگەر پێت وایە بەبێ پارە یان بەبێ یارمەتی دەوڵەتێک هیچ شتێک ناکرێ ئەوا ئەم بابەتە بۆ تۆ نییە، کاتت بەفیرۆ مەدە لە خوێندنەوەی.

لەم بابەتەدا بەشێوەیەکی زانستی و/یان زۆر قووڵ باس لە خاڵەکانی خوارەوە ناکەین: کونسێپتی مۆد یان مێژووەکەی لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا، مۆد چۆن دروست دەبێت؟ مۆدی جلوبەرگ(هەر لەسەرەتاوە پەیوەندیەکی نزیک بە جلوبەرگەوە هەیە و بەتایبەتی بە جلوبەرگی ئافرەت)، کێ بڕیار لەسەر مۆد دەدات؟**Supply and demand, 1consumption and production**،چۆن کولتوور کاریگەری لەسەر مۆد هەیە؟ چین شەش پرەنسیپی مۆد کە فرێدریک گۆدارت 2 باسی دەکەت؟ بۆچی هەندێک مۆد خاوەنی تەمەنەکی زۆر درێژن؟...هتد. مۆد شت ودیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە هەمان کاتدا سیاسی، هونەری، دینی، مۆسیقی، دیکۆراتی و ئابوورییە،...هتد. لە کۆمەڵناسیدا تەعریف کردنی 'ئۆبژەێ مۆد' قورسە و ئەوە بەهۆی **Sa complexité et son ambiguïté**. تا ئێستا سۆسیۆلۆژیای مۆد زۆری ماوە بۆ ئەوەی کە دروست بکرێت. مۆد کونسێپتەکی زۆر ئاشکرا و ڕوون نییە و دەتوانی بە چەند شێوەک بڵێین مۆد چییە (زۆر بە سادە):

- مۆد وەک پیشەسازی جلوبەرگی لوکس و شتی گرانبەها(جانتای دەستی، پێڵاو، سەعەت...هتد)، کە تێیدا چەندین ئەکتەری جیاواز ئیش و کاری تایبەتی خۆیان دەکەن(کارەکی ئابورییە کە بەهای هەر ساڵ بە ملیارەها دۆلارە لە جیهاندا)، و ئەمە لە زەمان و مەکاندا تایبەتمەندیەکانی تایبەتی خۆی (وەرزشی، سیاسی، جلوبەرگ، کۆمەڵایەتی، مۆسیقی، ئابوری، هونەری،...هتد)، هەیە. مۆدەکان دێن و دەڕۆن و بەپێی چەند هۆکارێک تەمەنیان درێژ یان کورتە....هتد. مۆد کاریگەری لەسەر هەموو چین و بوارەکان هەیە. - بۆ جۆرج سیمێل3 کۆمەڵناسی ئەلمانی مۆد جۆرەکی **equalization and imitation** (مۆد پێویستی بە هەردوو لایەنە)، کۆمەڵایەتییە و شتێکی **Recurring and not cumulative**. نوخبە بە بەردەوامی مۆد دروست دەکەت بۆ ئەوەی کە جیاوازیەکان لە ناو کۆمەڵگادا بەردەوام بن. - مۆد شێوازێکی ژیان، بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنەکی تایبەتە لە مەکاندا(وڵاتێکدا، شار، هەرێمێک،...هتد)، و ئەوە لە سەردەمێکی دیاریکراودا. ئەم بابەتە پێناسەی دوایین لەبەرچاو دەگرێت و بە شێوەیەکی سادە باسی 'مۆدی حکومرانی، جەماوەری' (ڕەفتار، کار کردن و بیرکردنەوە)، دەکەت.

چەند پرسیار و خاڵی گرنگ بو عێراق، هوشیار بارزانی گووت:" مێژووی عێراق چیمان پیشان دەدات دەربارەی مۆد یان 'تاندانسی' سیاسی و ڕۆڵی باش یان خراپ بوویە؟ بەهاکانی پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣ چین؟ بۆچی بەهاکانی ئەم مۆدەیە درێژخایەنن؟ دەتوانین باسی چەند مۆدی سیاسی بکەین لە دوای دروستبوونی دەولەتی عێراق؟ ئایا جەماوەری عێراق ئاگادارە یان نە کە هەر لە سەرەتاوە مۆدی سیاسی عێراقی مۆدەکی کۆپیکردنەکی تایبەت بۆیە. بۆ چی؟ چونکە لە کۆتایی نەهێشتنی کۆلۆنیالیزمدا، وەک هەموو جیهانی سێیەم، دیمەنێکی نوێ لە بەردەم کۆمەڵگا دابو کە ناچار کرد زۆر زوو خۆی ڕێکبخات و پابەندی ستاندارد ی نێودەوڵەتی بێت و مۆدێلی غەربی تەنها مۆدێل بو.

بە کورتی و زۆر سادە مۆدەکانی سیاسی کە دەسەڵاتدار بۆن لە عێراقدا تا ئێستا: مۆدی پاشایەتی کە تەمەنێکی کورتی هەبوو، مۆدی عەسکەری، دیکتاتۆری کە تا ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بۆ و مۆدی دیموکراسی تایبەتی ئەکتەری دەولی خارجی، میلیشیای دینی و تائیفی. تایبەتمەندیەکان و خاڵەکانی هاوبەشی مۆدەکانی سیاسی عێراقی: - مۆدی سیاسی عێراقی مۆدەکی کۆپیکردنەکی تایبەت بۆیە. - دەسەڵات و پارە شتێکی زۆر زۆر موقەدەسە. - بە هێز کردنی تائیفییەت، حەیوان کردنی جەماوەر، پەیدا کردنی دزی و گەندەڵی بێ سنوور و یاری کردنەکی زۆر پیس بە سەروەت و سامانی عێراق و کۆمەڵگا. - بەکارهێنانی دروشمەکانی جیاواز وەک ئایین، ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیست، تائیفەگەری...هتد، بۆ بەرژەوەندی شەخسی. - پەرستن و کۆیلەی مانتال. - نەبوونی موئەسەساتی ڕاستەقینەی حکومی، -...هتد. = مۆدەکە کە تەمەنی درێژە و بەعکسی مۆدەکانی تر بە هیچ شێوەیەک**Démodée** نەبوویە.

ناوی ئەم مۆدە کە تەمەنی زۆر درێژە، مۆدی پرۆفێشناڵی کۆیلایەتی کردنی جەماوەر و گەندەڵی شەرعی زۆر قووڵی دینی، ئابوری و سیاسییە،...هتد. هەر جارێک کە حکومەتەکی نوێ، تازە دروست دەبێت(چ بە توندوتیژی یان لە ڕێگەی دانوستانەوە)، ئەم مۆدە بە شێوەیەکی زۆر شارەزا و **artificial** خۆی پاک و تازە دەکەتەوە. سەرکوتکردنی کۆمەڵگا، شەڕی جۆراوجۆری داخلی(بەتایبەتی لەگەڵ کورد و تا ڕادەیەکی کەمتر شیعە) و خارجی سەدام و تاڵانکردنی سەروەت و سامانی عێراق زۆر بە هێز ئێسباتی ئەم مۆدی پرۆفێشناڵی کۆیلە کردنی جەماوەر و گەندەڵی جیاوازی شەرعی زۆر قووڵە پێش ساڵی ٢٠٠٣. دوای ڕووخانی سەدام، پاش ماوەیەک بۆ شیعە، سوننە، کورد ومەسیحییەکان زۆر باش ئێسبات بۆ کە مۆدی حوکمرانی پێش ٢٠٠٣ هەر بەردەوامە بە شێوەیەکی نوێ و لەگەڵ چەند پێکهاتەکانی تازە: تائیفی گەری بە هێزتر و 'ئازادترە'، کاریگەری ئەکتەری دەولی خارجی(وخزمەت کردنی)، و دینی زۆر بەرزە، پەیدا بۆنی چەندین سیستەمی میلیشیای و میکانیزمی شەرعی دزی و گەندەڵی زۆر قووڵ،...هتد. = کۆیلەی مانتال و ویژدانەکی سیاسی، دینی، ئابوری، کۆمەڵایەتی،...هتد، زۆر زۆر نزم.= مۆدی کە نە بەس زۆر پیس چەسپاوە لە ناو کولتوری عێراقیدا بەڵام دەسەڵاتدارە لە زەماندا و مێژوو زۆر بە هێز ئەوە ئێسبات دەکەت. بۆ چی کولتوری عێراقی زۆرحەزی لە دروست کردنی ئەم جۆرە مۆدەیە؟ چۆن جەماوەری عێراق بە شێوەیەکی عام یارمەتی مۆدی دەسەڵاتدار دەدات؟

ئامارەکان یان شەفافیەتی نێودەوڵەتی چی دەڵێن لە سەر عێراق؟ بۆ نموونە ئەمەریکا ٢٢ هەژماری بانکی بە دۆلاری ئەمریکی دیاریکردووە کە کۆی گشتی ٥٥٣ ملیار دۆلارە، کە سەر بە سیاسییەکانی عێراقن4 و زۆربەیان ئێستا لە دەسەڵاتدان. و لەدەرەوەی ئەمەریکا چینی سیاسی-ئاینی عێراقی چەند ملیار دۆلاری داناوە بە شێوەکانی جیاواز، بەتایبەتی لە وڵاتانی کەنداو و لە ئەورووپا؟ چەند ملیاری تریان دزیوە لە جەماوەری عێراق؟ بە ٥٥٣ ملیار دۆلار چەند جار دەتوانی عێراق دروست بکەیتەوە؟ لە زەماندا کوشتن و توندوتیژی جیاواز، بێسەروشوێنکردنی هەزاران کەس، شەڕی داخلی و خارجی تەقریبەن بەردەوام، دزی و گەندەڵی بە ملیارها دۆلار ئێسبات دەکەت کە چینی سیاسی و دینی دەسەڵاتداری عێراقی بە شێوەیەکی عام نە بەس یەکگرتوو و تەواوکەری یەکترن، بەڵام زۆر بە هێز ئەم مۆدێلی دەسەڵاتداری دەپارێزن.

مۆدی جەماوەری سوننە، شیعە، کورد و مەسیحی چۆن بۆیە، چۆنە ئێستا؟ باسی مۆدی جەماوەری کوردی پێش ساڵی ١٩٩١ ناکەم. بۆ چی؟
چونکە مۆد و دۆخەکە بەشێوازی جیاواز تایبەت بوونە. دەتوانی بە وردی لە سەر بنووسی. مۆدی جەماوەری عەرەبی سوننە و شیعەی عێراقی
چی فێرمان دەکات و پێمان دەڵێت لە ساڵی ١٩٣٢ تا ئێستا؟ ئایا ئەم مۆدە لە بەرژەوەندی جەماوەری شیعە و سوننە دابوویە؟ کاریگەری مۆدی
وڵاتانی جیهانی سێیەم لەسەر مۆدی جەماوەری چۆن بوویە؟ مێژوو ئەم خاڵانە ئاشکرا دەکەت: ئەم مۆدە: کۆپی مۆدەکانی ناوچەکە و جیهانی بۆ و
بە هیچ جۆرەک مۆدی تایبەتی خۆی نەبوویە، وەک موگناتیسێەک لە دەوری مۆدەی دەسەڵاتدار دەسوڕێتەوە، تەقریبەن 'سابت' بوویە،
ئەو گۆڕانکاریانەی (گۆڕانکاری کە لە دەسەڵات دروست دەبێت)، کە بینیوە و بەسەری هاتووە لەبەر توندوتیژی داخلی و خارجی بوویە، خاوەنی
ویژدانێکی زۆر نزم، دابەش کراوە، تائیفی، دینی و
**sous-développée**، پێکەوە یان بە جیا (مۆدی جەماوەری شیعە و سوننەی عەرەبی عێراقی)، نەبەس خاونی هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنی
زۆر ئاسانن، بەڵام یەکگرتوونە و 'حەز دەکەن' بۆ ژێردەستی، ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵی شەرعی زۆرقوڵ، شەڕی
جیاوازی عەشایەری تائیفی ئێتنی و دینی بەردەوام،...هتد، تەقریبەن بە هیچ شێوەیەک**Démodée**نەبوویە، و ئەوە لەکاتێکدا
کە مۆدی چینی سیاسی و دینی دەسەڵاتداری عێراقی یەکگرتوویە لە زەماندا بۆ یاری کردنەکی زۆر پیس بە جەماوەر، دەوڵەمەند کردنی بێ
سنووری خۆیان و پاراستنی کورسی. سەرەڕای کوشتن یان برینداربوونی هەزاران کەس لە خۆپیشاندەران، گەندەڵی بێ سنوور، نەبوونی
خزمەتگوزاری، هەبوونی میلیشیاتی جیاواز،...هتد، رەفتار و کرداری جەماوەری شیعە و سوننەی عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ چۆن بوویە؟
کاریگەری تەقالید و/ یان کەلتور لە سەری چۆنە؟ کێ کۆنترۆڵی داهاتی فلان شار یان داهاتی فڕۆکەخانەی نەجەف دەکات؟ ئایا جەماوەری شیعە و
سوننە ئاگادارە یان نە کە بنەرەتی چینی سیاسی و دینی دەسەڵاتداری عەرەبی عێراقی حەیوان کردنی کۆمەڵگایە بەڵام بە شێوەیەکی زۆر زۆر
پرۆفیشناڵ و شارەزا؟ بێگومان حکوومەتی ئێستای عێراق کە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرە، هەمان رەفتار، کار و بیرکردنەوەی
سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراقە و نە بەس مۆدی دەسەڵاتدار بەڵام مۆدی کۆیلایەتی کردنی جەماوەری شیعە و سوننەش بە هێزتر دەکەت."

کە قەسەکم کرد چەند کەسێک زۆر زوو کۆپی دەکەن بە سەری ئێوە ساویلکە و نەزانن، باش ئاگاداری ئێوەم.
فلان کەس مۆدی دیوان و مەجلیس گەرم کردن چییە، چۆنە؟ یان تایبەتمەندیەکانی مۆدی: کەسایەتییەکی ناسراو، میدیای، ڕۆشنبیر، چالاکوان،
ڕۆژنامەنووس،...هتد، چین؟

هوشیار بارزانی گووت:"مۆدی جەماوەری کوردی لە دوای ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا چۆنە و چی لێ فێر دەبین، کاریگەری تەقالید و/ یان کەلتور لە
سەری چۆنە؟ بێگومان خاڵەکانی هاوبەشی ئەم مۆدە لەگەڵ مۆدی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی زیاترن لە جیاوازیەکان. چەند خاڵ
و تایبەتمەندیەکانی: وەک زۆربەی شتەکانی تر و لە بەر پەیدا بوونی کۆمەڵگای سیڤیل، هەست کردن بە گورانکاری بنەرەتی نوێ، تازەیە؛ زۆر
هەست بە ترس دەکەت و مۆدەکە کە بە هیچ جۆرەک لە مۆدی نەزان و نزمی ناوچەکە خارج نەبوویە، خاوەنی هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنەکی زۆر
ئاسان و ویژدانێکی زۆر بچووکە؛ 'دابەش کراوە' بەڵام یەکگرتووە و 'حەز دەکەت' بۆ شەڕی براکوژی و توندوتیژی: ئابووری کۆمەڵایەتی
دەروونی؛ ژێردەستی، ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵی شەرعی زۆرقوڵ...هتد؛ وەک موگناتیسێەک لە دەوری مۆدەی دەسەڵاتدار
دەسوڕێتەوە و باش خزمەتی
کردووە؛**sous-développée**، تائیفی، میلیشیای، دینی و بە هیچ شێوەیەک **Démodée**نەبوویە، بەڵام بۆ چی؟
هەر کەسێک کە هاتووە ئەم مۆدی کۆیلایەتی کردنی جەماوەر بە هێزتر کردووە بەشێوەی تایبەتی خۆی، وایە یان نە فلان کەس، پارتی، یەکێتی،
کومەل، سۆسیالیست، گۆڕان، کۆمۆنیست، یەکگرتوو، پاسۆک، حزبوڵڵا، ئاڵای شۆڕش، بزوتنەوەی ئیسلامی، ئەنسار،...هتد. مۆدی جەماوەری
دەڵێت: سەیری ئەوە دەکەین دوای کۆنگرە و هەڵبژاردن، دوای کۆبوونەوەکان چی ڕوودەدات؟ تەماشا دەکەین حکومەتێکی نوێ دروست بوویە،
ئەگەر پارە نەبێت ئێمە ناتوانین هیچ بکەین، خێرخوازان(فلان میلیشیا)، زۆر یارمەتی ئێمەیان دا، یان فلان کەس کە دۆخی ئابوورییەکەی باش
نییە، پێی خۆشە حزبەکی تازە دروست بێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی حزب یان پێشمەرگە بۆ مووچەکی کۆیلایەتی،...هتد.
دوای ساڵی ١٩٩١ مۆدی دەسەڵاتداری کوردی وردە وردە خۆی ڕێکخست بەڵام زۆر زوو و هەر لە سەرەتاوە سروشتی ڕاستەقینە و ڕەنگی خۆی
ڕاگەیاند بۆ هەموو کۆمەڵگای کوردی کە ئێستاش زۆر بە هێز بەردەوامە: شەڕی بەراکوژی کە ئەنجامی کوشتن و بریندارکردنی هەزاران کوردی
هەژار بوو، دزی و گەندەلی بێ سنوور، حەیوان کردنی زۆر قووڵی کۆمەڵگا، ترس، میلیشیا کردنی جەماوەر، خیانەتی جیاواز و بەردەوام، دابەش
کردنی کۆمەڵگا لە ڕووی جوگرافیایی، زمان، سیاسی، ئابوری،...هتد، = پێکهاتەکانی بنەرەتی مۆدی
دەسەڵاتداری کوردی کە بە هیچ شێوەیەک**Démodée** نەبوویە و بەبێ پێکهاتەکانی ناتوانێت بژیت."

بۆچی میلیشیای جیاوازی کوردی سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی پارەیەکی زۆرن هیچیان نەگۆڕیوە و بە بەردەوامی مۆدی دەسەڵاتدار و جەماوەری
بە هێزتر دەکەن؟ ئایا جەماوەری کورد ئاگادارە یان نە کە کار، ئیش و شتی میلیشیای کوردی: پارتی، یەکێتی، کومەل، سۆسیالیست، گۆڕان،
کۆمۆنیست، یەکگرتوو، پاسۆک، حزبوڵڵا، ئاڵای شۆڕش، بزوتنەوەی ئیسلامی، ئەنسار،...هتد، درووست کراوە بە بەردەوامی لە سەر بەرژەوەندی
شەخسی، بەفر، دزی و گەندەڵی بێ سنوور، پەرستنی مانتاڵ،...هتد؟
هوشیار بارزانی گووت:" هەستکردن بە گۆرانکاری بنەرەتی ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزترە تەنانەت لە ناو میلیشیای کوردیشدا. بۆچی مۆدی جەماوەری
سەرەڕای گەندەلی بێ سنوور، ستەم و زوڵموزوریەکی زۆر زیندانی مۆدی دەسەلاتدارە؟ کەی جەماوەری کورد و عێراق حاڵی دەبێت کە
هەڵبژاردن، کۆنفرانس، کۆنگرە و کۆبوونەوە،...هتد، لەم چوارچێوەی میلیشیایدا هیچ مانایەکی نییە؟ تا کەی پۆلیس، هێزەکانی ئەمنی، پاراستن،
پێشمەرگە، ئەندامی حزبی، مامۆستا، جوتیار، کۆمەڵگا، کرێکار، دادوەر،...هتد، خۆتان زیندانی و لاواز دەبینن؟ تا کەی جەماوەر و عێراق پێی
وایە/وا بیردەکاتەوە کە بەبێ پارە ناتوانێت هیچ بکات؟ بیرکردنەوە بەم شێوەیە وەک کەسێکە کە لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆشە و کۆیلایەتی
خۆتان بە ڕەسمی ئیمزا دەکەن.
کەی کۆمەڵگای کوردی وعێراق تێدەگات کە چارەسەر لە دەرەوەی میتۆد و شێوازی کلاسیکییە؟ کەی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی عام ئاگادار دەبیتەوە
کە زۆر بە هێزترە لە بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی کە نە تەنها زۆر لاوازن بەڵام ترسیان ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەترە؟ کەی جەماوەر هەست بە ئەوە
دەکەت کە کەسایەتییەکی ناسراوی سیاسی، ئایینی، میلیشیای،...هتد، بەرهەمی ڕاستەوخۆی مۆدی دەسەڵاتداری زولم و زۆرداری، دزی و گەندەڵی

بێ سنووره؟ گۆڕانی ڕژێم لە سەرانسەری جیهاندا وەک ڕۆمانیا، تونس، بورکینا فاسۆ، ئەفریقیای باشوور، جەزائیر، میسر، ئۆگاندا...هتد، چیمان پیشان دەدات؟"

چی بکرێت بۆ ئەوەی کە خۆمان لە مۆدی ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵی شەرعی زۆرقوڵ و میلیشیای دەسەڵاتدار...هتد، کە درێژخایەنە رزگار بکەین؟ هوشیار بارزانی گووت:" دووبارەکردنەوەی مۆدی جەماوەری یان مۆدی دەسەڵاتدارهیچ سوودێکی نییە. هەموو چینەکانی کۆمەڵگا تەنانەت لە ناو میلیشیایەکانیشدا هەست بەوە دەکەن کە گورانکاری بنەرەتی زۆر زۆر گرنگ و پێویستە. ئەوەی کە زۆر گرنگە کە کۆمەڵگا بە شێوەیەکی عام بکەت لە ناو هەموو گوند و شارەکاندا: - پەیدا کردنی چەند کەسێک لە ناو هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا بۆ ڕێکخستنی جەماوەر بۆ خۆپیشاندانی گشتی، سەرانسەری. - ئەم چەند کەسە پێویستە خاوەنی سەرمایەکی فکری و سایکۆلۆجیەکی باش بن و خارجی مۆدی دەسەڵاتدار و جەماوەری بن. - ئەم ڕێکخستنە زۆر پێویستە ڕێکخستنەکی ستراتیژی، هەماهەنگ، بە باوەڕ بێت و خاوەنی پرۆسەی تایبەتی خۆی بێت: بۆ نموونە دیار کردنی خاڵەکانی لاوازی مۆدی دەسەڵاتدار و خاڵەکانی بە هێزی جەماوەر کە زۆرن،Surprise effect ...هتد.
- ئەندامی 'حزبی'، پێشمەرگە، هێزەکانی ئەمنی، پۆلیس، سەرۆک عەشیرەت یان فلان کەس کە خاوەنی سەرمایەکی ئینسانییە...هتد، پێویستە زۆر چاک ئاگاداری ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی خۆتان بن. - ئەم خۆپیشاندانانە دەبێ جیاواز بن لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی کۆنی بەغدا، بەسرە، ناسریە، سلێمانی،...هتد. - ئەم خۆپیشاندانانە پێویستە بەردەوام، زۆر زۆر گەورە و بێ توندوتیژی بن لە زەماندا تا ڕووخانی سیستەمی دەسەڵاتدار."

گۆڕینی شتەکان لە خۆیدا ناکۆکییە، چونکە ئێمە ڕقمان لە گۆڕانکارییە. ڕێگا بۆ هەمووتان بەم وشەیە زۆر ئاسانترە: وەرە.

خاڵەکانی هاوبەشی مۆدی دەسەڵاتداری ڕۆژهەڵاتی نزیک، ناوەڕاست و عێراق زۆرن لەگەڵ یەکتر و تورکیا یەکێکە لەم وڵاتانە. یەکێک لەم خاڵە هاوبەشانە ئەوەیە کە مۆدی ئەم ناوچەیە بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی خۆی نوێ، تازە بکاتەوە کە دروست بوویە لە ئایدۆلۆژیای هێرشبەر، ئایین، دیکتاتۆرییەت، تائیفییەت، پاشایەتی، دیموکراسی تایبەت لەسەر بنەمای توندوتیژی، زولم و زۆرداری. وەک نموونە کەمال ئەتاتورک نەک هەر مۆدی غەربی کۆپی کرد بەڵام جلوبەرگ و ئەلف و بێی تورکیش گۆڕی و ئەو ئایدۆلۆژیای کامالیزم ئێستاش زۆر بە هێزە وDémodéeنەبوویە.
مۆدی قەندیل چۆن بۆویە و چۆنە ئێستا؟ بۆ قەندیل بەس لە دەوروبەری مۆدی ناوچەکە دەسوڕێتەوە؟ مێژوو ئەوەی ئیسبات کردووە کە مۆدی دەسەڵاتداری قەندیل مۆدەکی کۆپیکردن و کلاسیکییە و خاڵەکانی هاوبەشی زۆرن لەگەڵ مۆدی دەسەڵاتداری کوردستانا عێراقە. زۆر گرنگە کە جەماوەر خۆی رزگار کەت لە مۆدی دەسەڵاتداری ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست و ئەوە پێویستی بە ویژدانەکی بەرزە.
دەتوانی ئەم بابەتانە 5 (ترس، شەرعییەت، تەقالید، مانتال،...هتد)، لەسەر وڵاتی خۆت بنووسی. بۆ نموونە ترس لە چین، ئەمریکا و ڕووسیا چۆنە و چێ جۆر ترسەک لەم وڵاتانەدا 'دەسەڵاتدارە'؟ چ ترسەکە( داخلی یان خارجی کە دەتوانی دابەشی بکەی بە چەند شێوەیەک)، کە دەسەڵات لەم وڵاتانەدا زۆرتر لێی دەترسێت؟ ترسی دەسەڵاتی ئەم وڵاتانە لە جەماوەری خۆیان وەکو یەک نییە و هەر چەند دەسەڵات تاندانسی دیکتاتۆرییەتی هەبێت 'ترسی' دەسەڵات زیاترە ،...هتد.
هوشیار بارزانی گووت:"خەڵکی عێراق، ئێوە چ قەومەکن، چ نەتەوەیەکن، چ کۆمەڵگایەکن؟ نەبەس چینی سیاسی و دینی دەسەڵاتداری عێراقی بەڵام زۆر کەس بە سەروەت و سامانی ئێوە لە خارجی عێراق دەولەمەند و خەنی بۆیە. بە ٥٥٣ ملیار دۆلار چەند جار دەتوانی عێراق ئاوەدان بکەیتەوە؟ ئایا جەماوەری عێراق ئاگادارە یان نە کە چینی سیاسی و دینی دەسەڵاتداری عێراقی سەرمایەگوزاریەکی زۆر گرنگ، گەورە و بەردەوام دەکەن بەس بۆ بە هێز کردنی مۆدی دەسەڵاتدار (کە پێکهاتەکانی بنەرەتی گەندەڵی و تاڵان کردنی شەرعی زۆر قووڵ و حەیوان کردنی کۆمەڵگایە)، و مۆدی جەماوەری؟ ئایا بارودۆخی ئێستا و مێژووی عێراق ئەوە ئیسبات ناکەت؟ تا کەی عێراق بەردەوام دەبێت لە کۆپیکردنی مۆدی زۆر نێگەتیڤی ناوچەکە و لە ناو ویژدانەکی زۆر نزمدا دەژیت؟
کۆمەڵگای عێراق پێویستە باش ئاگادار بێت کە مۆدی جەماوەر و دەسەڵاتداری عێراقی بە هیچ شێوەیەکDémodée نەبوویە. تا کەی جەماوەری عێراق هەر کویلەی مۆدی چینی سیاسی و دینی دەسەڵاتدار دەبێت؟ عێراق باش ئاگادار بە کە چارەسەر خارجی مۆدی جەماوەری و دەسەڵاتدارە و پێویستی بە ویژدانەکی زۆر بەرزتر هەیە."

م. امين


1- Texte de Pierre Bourdieu et de Yvette Delsaut « Le couturier et sa griffe ».
Pierre Bourdieu, « Questions de Sociologie ».
2- Frédéric Godart, « Sociologie de la mode ».
3- Georg Simmel, « Philosophie de la mode ».
4- Source : https://www.madaniya.info/2022/12/23/le-temoignage-de-paul-bremer-sur-larrestation-de-saddam-hussein/
Le Trésor américain a recensé 22 comptes bancaires alimentés en dollars américains, totalisant 553 milliards de dollars! 22 comptes bancaires appartenant à des personnalités politiques irakiennes, dont l'immense majorité est aujourd'hui au pouvoir, considérés comme des alliés des États Unis.
https://www.u4.no/publications/iraq-overview-of-corruption-and-anti-corruption-2020.pdf
5- https://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf
https://kcdme.com/M.Amin%2025.02.2023%20-----PDF.pdf